# حوكمی ئەو نوێژانەی کەبەعەمدی لەدەست دراون

[ کردي – کوردی – kurdish ]


**هەڵگورد مصطفی گەڵاڵی**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**



2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ حكم الصلاة التي تُركت عمدًا ﴾

« باللغة الكردية »

هَلكورد مصطفى كلالي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# حوكمی ئەو نوێژانەی کەبەعەمدی لەدەست داون

1_ شێخ (ابن باز) ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموویێت: (ئەو کەسەی نوێژەکانی بە (عەمدی) واتە بەبێ سەبەب لە دەستی داون و فەوتاندوونیەتی ئەوا گێڕانەوەی لەسەرنیە، چونکە لەدەست دانی نوێژ بەعەمدی کوفرە لەلای زۆربەی زانایان ، ئەم جۆرە کەسانە بە کافر حیسابن بۆیە کاتێك تۆبە دەکات و دەست دەکاتەوە بە نوێژکردن ئەوا ئەمری گێڕانەوەی نوێژەکانی پێ ناکرێت، چونکە پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) دەفەرموویێت: « الإسلام يهدم ما كان قبله والتوبة تهدم ما كان قبلها » واتە: ئیسلام بوون گشت تاوان و خراپەکانی پێش خۆی دەسڕێتەوە و نایانهێڵێت وەهەروەها تەوبەکردنیش لەتاوانەکان گشت تاوانەکان دەسڕێتەوە کە مرۆڤ لەپێشدا ئەنجامی دابوون.

وە خوای پەروەردگار دەفەرموویێت: ( وإني لغفار لمن تاب وآمن وعمل صالحا ثم اهتدى) واتە: (من لێخۆش بوومە لەوکەسانەی کە تەوبە دەکەن و ئیمان دێنن و کردەوەی باش ئەنجام دەدەن و دەڕۆن لەسەر ڕێگای هیدایەت و هیدایەت وەردەگرن).

بەڵام ئەم جۆرە کەسانە پێویستە بەردەوام بچن بۆ نوێژی جەماعەت و زۆر سوننەت و کردەوەی چاك ئەنجام بدەن.

سەیری فەتاواى (اللجنة الدائمه) بکە بەسەرپەرشتی شیخ ابن باز رەحمەتی خوای لێبێت جوزئی ( 6) صەفحەی ( 41) بابی (تأخير الصلاة عن وقتها أو تركها عمدا).

2_ شیخ (ابن عثیمین) رەحماتی خوای لێبێت دەفەرموویێت: (هەرکەسێك نوێژێك بەعەمدی نەکات لەکاتی خۆیدا بیفەوتێنێت کە خوای گەورە نوێژی تیادا فەرز کردووە ئەوا ئەو کەسە گێرانەوەی نوێژە فەوتاوەکەی لێ قەبووڵ ناکرێت ئەگەر هەزار نوێژیش بکات. چونکە کاتی دیاریکراوی خۆی هەیە بۆ ئەنجامدانی بۆیە هەروەکو چۆن نابێت لەپێش هاتنی کاتی خۆی نوێژ ئەنجام بدرێت ئاواش نابێت لەدوای نەمانی کاتی خۆی ئەنجام بدرێت، خوای گەورە کاتی نوێژ کردنی دیاری کردووە کەدەفەرموویێت: ﴿إِنَّ الصَّلَاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَوْقُوتًا ﴾ [سورة النساء: 103]واتە: نوێژکردن واجب کراوە لەسەر ئیمانداران لەکاتێکی دیاریکراوی خۆیدا.

بەڵام ئەگەر هاتوو کەسێك نوێژی لەدەستدا بەهۆی عوزرێکی شەرعی وەکو لەبیرچوونی نوێژ یان خەو لێکەوتن لەکاتی ئەنجامدانی نوێژەکە و کاتێك لە خەو هەستا کاتی نوێژەکە نەمابوو ئەوا ئەم جۆرە کەسانە بۆیان دروستە هەرکاتێك

بەبیریان هاتەوە کە نوێژێکیان نەکردووە یان خەویان لێکەوتبوو نوێژەکەیان یەکسەر بەبێ تەئخیرکردن بگێڕنەوە و ئەنجامی بدەن چونکە ئەم جۆرە حاڵەتە بەڵگەی لەسەرە هەروەکو پێغەمبەر درودی خوای لەسەربێت دەفەرموویێت: « من نام عن صلاة أو نسيها فليصلها إذا ذكرها لا كفارة لها إلا ذلك» . واتە: هەرکەسێك خەوی لێکەوت لەکاتی ئەنجامدانی نوێژەکەی لەبیرچوو بیکات ئەوا با یەکسەر نوێژەکەی بکات کاتێك بەخەبەردێتەوە لەخەویدا یان بەبیری دێتەوە کاتێك لەبیری چوبوو ئەنجامی بدات. (أنظر_فتاوى نور على الدرب/ جزء_124_صفحة/88.

جابۆیە خوێنەری بەڕێز پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت نەیفەرمووە هەرکەسێك بەعەمدی نوێژی لەدەستدا ئەوا بابیگێڕێتەوە لەدواییدا، وەگشت موسوڵمانێك لەسەری واجبە شوێنکەوتەی بەڵگەبێت هەرشتێك بەڵگەی لەسەربوو ئەوە دەبێت دەستی پێوە بگرێت و شوێنی بکەوێت وەهەرشتێك بەڵگەی لەسەرنەبوو ئەوە دەبێت لێی دووربکەوینەوە و وازی لێ بێنین ئەگەر ڕەئی چەند زانایەکیشی لەسەربێت، جا سەبارەت بە گێڕانەوەی نوێژی بەعەمد نەکراو ئیمامی شافعی و چەند زانایەکی تر ڕایان وایە کەواجبە گێڕانەوەی بەڵام ڕای ئەوانەی کەدەڵێن گێڕانەوە نیە زیاتر موافقی بەڵگەی ئایەت و حەدیسە، بۆیە پێویستە ئێمە شوێنکەوتەی بەڵگەبین نەك

دەمارگیریمان هەبێت تەنها بۆ ئیمامێك یان چەند زانایەك چونكە گشت زانایەك لە بۆچونەكانیدا یان دەیپێكێ یان نایپێكێ تەنها پێغەمبەری خوا نەبێت (دروودی خوای لەسەربێت). بۆیە ئیمامی (مالك) دەفەرموویێت: هەریەك لە ئێمە هەندێك بۆچوونی مەقبوولە وەهەندێك بۆچونی مەردودە تەنها پێغەمبەری خوا نەبێت (دروود و سەلامی خوای لەسەربێت). وەپێغەمبەر دەفەرموویێت (صلى الله عليه وسلم):

« إذا حكم الحاكم فإن أصاب فله أجران وإن أخطأ فله أجر واحد» واتە: زانا و پێشەواكان كاتێك بڕیارێكی شەرعی دەردەكەن ئەگەر هاتوو بڕیارەكەی ڕاست بوو ئەوا دوو پاداشتی بۆ هەیە، بەلاّم ئەگەر بڕیارەكەی هەڵەبوو ئەوا یەك پاداشتی بۆ هەیە.

بەلاّم بۆ هیچ كەسێك درووست نیە شوێن هیچ زانایەك بكەوێت لەهەڵەدا بەڵكو دەبێت شوێن زاناكان بكەوێت كاتێك بۆچوونەكەیان موافقی قورئان و حەدیسە. وەلەكۆتاییدا داواكارم لە خوای پەروەردگار لێمان قەبوڵ بكات و هیدایەتمان بدات بۆ ڕێگای ڕاست.

http://www.regayislam.com